
# شێخی سەنعانی



کتێبی شێخ سەنعان و

بەسەرهاتی شێخی سەنعان

لا مەدە لە عەشق گەرچی مەجازە

بۆ ڕێی حەقیقەت ئەوکارە سازە

عبدالسلام

ئەم هەڵبەستەی کە بە سەرهاتی (شێخی سەنعان)ی یە،

بە قەڵەمی حاجی مەلا عبدالسلام حەیدەری نووسراوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

یەکەم سوپاسی خودای بێ هاوتا
ووهەم سەڵەوات لە سەر مستەفا

یەعنی محەمەد(د. خ) دەریای حەقیقەت
ئەو کەشتیوانی بەحری شەریعەت

لەجەمعی ئەسحاب بەقەد ڕۆژگار
سەلامی خودا بێ عەدو ژمار

جەنابی سدیقو عوسمانو عومەر
قائیدی ئیسلام ئیمامی حەیدەر

ئومێدم وایە بۆ کوردی زوبان
باسو ماجەرای ئەو شێخی سەنعان

بیکەم بە کوردی بە دەستو بردی
بەشێوەی خۆشناو بۆڵاوی کوردی

# شێخی سەنعانی

شێخی سەنعانی شێخێکی چاك بو
وەك ڕۆژی ڕوناك دڵی ڕوناك بو

لە بەحری باتن خۆی مەلەوان بو
لە باخی موعان ئەو باخەوان بو

لە شاری مەکە لە بەیت وڵڵا بو
هەردەم خەریکی تەقوای خودا بو

چوار سەو موریدی خاوەن کەرامەت
هەبو لەلای شێخ بۆ دین و تاعەت

عالەمی مەکە هەمووی بە یەکجار
ئیعتقادیان بو بە شێخی سالار

دائیم بۆ دوعا ئەهاتنە خزمەت
دوعای شێخ وەکو بارانی ڕەحمەت

## ● خەو دیتنی شێخ

چەند شەو لە سەر یەك ئەوشێخی نازدار
دیتی لە خەویا قەزای ڕۆژگار

لە وولاتی ڕۆمدا لە دێری موغان
دەکەوتە سوجدە بۆ پتی زۆر جوان

لە خەوا ئەیدی بە دڵی بریندار
بە ناڵە ناڵو بە شینو هاوار

ئەیووت ئەی خودا بگەی بە حاڵم
بەئاگری عەشق سووتاوە باڵم

لە دەردی عەشقی رزگارم بکە
توشی بەستنی زنارم مەکە

هەر لوتفی تۆیە مایەی ژیانم
بکەی بە رژینی دینو ئیمانم

# (ئاشکرا کردنی شێخ خەوی خۆی بۆ موریدان)

له ناو حەرەمدا ڕۆژێ لە ڕۆژان
دانشتبو لەگەڵ زومرەی موریدان

بە دەردی دڵی دەهاتە گوفتار
ووتی بە موریدان یاری وەفادار

دوعام بۆ بکەن قیبلەم گۆڕاوە
هاوار بە ماڵم کارم تەواوە

ئەوسا موریدان وتیان ئەی رەییس

لە بیرت نەچێ تەحمیدو تەقدیس

ئەتۆ مورشدی یادی خودا کە

تەرکی وەسوەسەو نەفسی دونیاکە

جەوابی داوە پیری دەردە دار
بە دەست خۆم نی یە دڵ بۆ گرفتار

ئەبێ لە بۆ ڕۆم بڕۆم بە سەفەر
تاکی بزانم نەتیجەی خەبەر

ئەم جار خولاسەی پیری بریندار
لەگەڵ موریدان ڕۆیشتن یەکجار

له بۆ ڕۆمستان كه‌وتنه ته‌داره‌ك
بۆ زانینی حاڵ شێخی موباره‌ك

كاتێ واسڵ بو شێخ بۆ ڕۆمستان
ته‌قدیری خودای خاوه‌نی ئیحسان

دیتی له ڕێگا كچی نه‌و جوان
وه‌ستاوه شیرین ئه‌برۆی وه‌ك كه‌وان

ته‌مه‌ن هه‌ژده‌ساڵ وه‌ك مامزی مه‌ست
دڵی دڵداران گرتبوی به‌ وه‌ست

په‌رچه‌م حه‌ریری قه‌د سه‌رووی ڕه‌وان
فیتنه‌ی دڵو دین داگیری ئیمان

ڕوومه‌ت تیشكی ڕۆژ وه‌ك به‌ری به‌یان
كه‌ شوعله‌ی ده‌دا له هه‌رده‌و بانان

ریزه‌ی ودانی گه‌وهه‌ری هۆنراو
گوفتاری شیرین به‌وێنه‌ی شه‌كراو

زوڵفی ماری ڕه‌ش له سه‌ر گه‌نجی زێر
په‌نجه‌ی زیوینی وه‌ك داری كه‌نێر

كه دیتی كچه پیری مه‌ستانی
دڵو هه‌ناوی بو به بریانی

تەعبیری خەونی ئەو ساکە زانی
زانی لێی دەکرێ دینو ئیمانی

بە عەشقی کچە دڵ موبتەلا بو
تەقدیری ڕۆژی قالو بەلا بو

ئەو بەچە تەرسا بو بە موشتەری
بە نازی جوانی ئیمانی کڕی

بەڵێ بە جارێ ئیمانی رفاند
ڕەمزو مەعانی هەمووی لێ ستاند

ئەمجار موریدان لە دەوری سالار
دانیشتن هەر یەك دەهاتە گوفتار

یەکێ پێی ئەووت ئەی مەردی ڕەهبەر
لە دڵ لابدە وەسوەسەو دولبەر

جەوابی داوە لە عەشقی دولبەر
دڵم ئەسووتێ بە وێنەی فەنەر

ئەوی تر ئەڵێ تەسبیح بگرە دەس
هاوارکە یا شێخ بۆ فەریا وەرس

وەڵامی داوە پیری بریندار
لە جیاتی تەسبیح دەبەستم زنار

یەکێ دەیفەرموو پیری سەنعانی
سوجدە بۆ خوا بە خفیو نیهانی

وەڵامی داوە خۆ تاقی ئـەبرۆی
یارم کەعبەیە سوجدەم برو لەبۆی

ئەوی تر ئەڵێ هەردی خاوەن ناز
بۆ لەبیرت چو دەستنوێـژو نماز

وەڵامی داوە میـحـرابی نـمـاز
گەر بەژنی یار بێ دەیکەم بێ ئەنداز

یەکێ دەیفەرمو زۆر عەیب و عارە
عەشقی چاو کاڵان بۆ هەرزە کارە

وەڵامـی داوە عـارم نـەمـاوە
شوشەی حەیاکەم چی بکـەم شکاوە

یـەکێ ئەیفـەرمو یـارانی قەدیم
لێت عاجز ئەبن ئەی شێخی سەلیم

وەڵامی داوە گەر بەچـە تەرسـا
لە من رازی بێ بێ باکم ئەوسـا

یەکێکی ئەڵێ بیری مەکە کە
هەستە با بڕۆین روو لە کەعبەکە

وەڵامی داوە کەعبەی دڵی من
بەچە تەرسایە ئەو روو گوڵی من

یەکێ پێ ئەڵێ پیری موحتەرەم
لە دلت لات دا فیکری جهەنم

وەڵامی داوە ئاگری جهەنم
مەعلووم ئەسووتێ لە سۆزی دڵم

یەکێ پێی ئەڵێ یادی جەنەت کە
بۆ عەشقی موجاز تەرکی محنەت کە

وەڵامی داوە روخساری یارە
وەك باخی جەنەت عەینی گوڵزارە

یەکێك ئەیووت حەیا لە خوا کە
بە وێنەی جاران زیکروڵڵا کە

جەوابی داوە دەردی دڵداری
دەردی خودایە گەرتۆ هۆشیاری

به دەست خۆم نی‌یە ئیمانم نەما
کفرم نەسیبە ئیرادەی خودا

عیلمو مەعریفەت   لە لام نەماوە
لەلەوحی ئەزل وام بۆنووسراوە

چەندساڵ نوێژم کردشەوهەتا بەیان
نەم زانی کفرم ئەبێتە میوان

ئیتر نازانم تەقدیری خودا
چیم بۆ نوسراوە لە قالو بەلا

گرمەی دڵی من  لە زیکری خودا
دوو سەعات ئەڕۆیی لە ناو حەرەمدا

ئاگام لێ نەبودەروی دڵداری
ئەم کاتە هەدەف بێ ئاگاداری

واتوشم ئەکات بەدەردو بەڵا
لەبیرم ئەکات مەعریفەت و ڵڵا

وازم لێ بێرن ئێستامو ریدان
کفرم نەسیبە حاشا لە ئیمان

ڕۆژی روناکم بە شەو گەڕاوە
حەرفم لە قورئان لە بیر نەماوە

زیکری یا اللە لە دڵ شۆڕاوە
دێری موغانم قیبلەی تەواوە

وەقتی زانییان هەندێ موریدان
هیچ تاسیر ناکا لە بیری سەنعان

هەموو دانیشتن بە شینو هاوار
دەپارانەوە لە خوای کردە گار

خوایە رەحم کە لە پیری سەنعان
بە نووری ئەحمەدو شەرافەتی قورئان

ئەوساکە هەردەم پیری سەنعانی
لە ڕێگای یاری شەو تا بەیانی

داییم دا ئەنیشت لە ڕێگەی یاری
هەردەم خەریک بو بە شینو زاری

ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو بەچە تەرسا
زانی کەوا شێخ کاری لێ کرا

زانی به عه‌شقی ئه‌و گورفتاره
به غه‌مزه‌ی چاوی دڵ برینداره

به‌لارو له‌نجه هات به لایه‌وه
به سه‌ر نه‌زاکه‌ت ئاوری دایه‌وه

ئاگری خسته دڵ شێخ به یه‌کجار
رووی کرده لای شێخ وه‌ك گوڵی به‌هار

پێ ووت ئه‌ی شێخی ئاین موسڵمان
بۆچی ده‌ناڵی لێره سه‌ر گه‌ردان

خۆ تۆ ئیسلامی ئێره کفرستانه
بۆچی لات داوه له شه‌رعو قورئان

وه‌ڵامی داوه مایه‌ی ئیمانم
له عه‌شقی تۆیه وا په‌ریشانم

له عه‌شقی تۆیه که‌وتوو هه‌ژارم
به غه‌مزه‌ی چاوت دڵ بریندارم

ئیمانم ئه‌تۆی دینو ئایینم
مایه‌ی حه‌یاتم ئاوێنه‌ی ژینم

بە جوانی چاوت دەعییە لێ مەدە
ماوەی حەیاتم بە بەر با مەدە

خەستەی دڵ سووتاو ئاهووی نەساران
چاوێکت لێم بێ شۆخی کوفاران

ئەی شۆخی ئەرمەن ڕۆژی ڕۆمستان
ئەی مانگی تابان ڕۆژی درەخشان

هەر لە عەشقی تۆ من وا زەبوونم
وێنەی کەبابە کزەی دەروونم

فرمێسکی چاوم ڕێژنەی بارانە
وردی شەوگارم شینو گریانە

یا خۆ بمکوژە ئەی شۆخی میللەت
یا رزگارم کە لە دەردو زیللەت

بێ تۆ ژیانم تاڵو دژوارە
دەردم گرانە دڵ بریندارە

سا توش بە حەقی مەسیحی دڵ پاک
ڕەحمم پێ بکە ئەی شۆخی چالاک

هەروا بزانە منیش عەبدی تۆم
هەلقە بە گوش‌و زیر خریدەی تۆم

جا بەچە تەرسا بە جوانی چاوی
ووتی ئەی مامە پیرو فەوتاوی

تازە دڵداری دەستی تۆ نادا
عەشقی جوانان لادە لە دڵدا

عەشقی دڵداری لە گەنجی خۆشە
چونکی هەر گەنجە دڵیان خۆشە

ئێستاکە پیری کفن بدوورە
عەشقی من‌و تۆ زۆر لەیەك دوورە

ئەمجارە ووتی شێخی سەنعانە
سوێندم بە ئینجیل دێری موغانە

دڵداری دڵم تازەو جوانە
تازە نەمامی باخ‌و بێستانە

لە هەر دڵێ دا خەدەنگی عەشق
پیر بێ یا جوان مەعلووم دەیکا شەق

ئەوسا هاتە جەواب ئەو شۆخەی جوان
ووتی گوێت لێ بێ ئەی پیری سەنعان

ئەمەی من دەیڵێم بیکە بە تەمام
یەکجاری لادە لە دینی ئیسلام

بکەوە سوجدە لە ئاییني من
نیە عەبدی چاك لە بۆ پتی من

لە شوشەی بللور شەرابیش نۆش کە
لە دێری موغان سا خۆت سەرخۆش کە

وەڵامی داوە پیری سەنعانی
جەرگو هەناوم بو بە بریانی

هەرچی ئەفەرمووی من خزمەکارم
بۆ ئەمری بەرزت فەرمان بەردارم

بەڵام ناتوانم هەتکی قورئانم
گەرچی ڕاهیبی دێری موغانم

بەڵام لە دەست تۆ شوشەیی شەراب
دەینۆشم جەرگم بکاتە کەباب

بۆ دێری موغان من دێم بە یەکجار
لە جیاتی تەسبیح دەبەستم زنار

# باسی ڕۆیشتنی موریدان بۆ لای شێخ

ئەمجار خوڵاسەی بەیان و گوفتار
چوونە کلێسا شێخ و تازە یار

وەختێ کە چوونە ناو دێری موغان
چەند بتی لێ بو هەمووی زێر نیشان

شوشەی بللورین هەمووی پڕ شەراب
لە دەوری پتان هەم مەزەی کەباب

مەجلیسی مەستان بەزمی سەرخۆشان
چەپڵە ڕێزانی بادە خرۆشان

نۆشا نۆشی لەب لە مەی نۆشان
دڵ موریدانی دەهێنایە جۆشان

بادەی شەراب یاری خەرامان
هەڵی گرت دایە دەست پیری موغان

وەختێ نۆشی کرد عەشق بو بە هەزار
ئیمانی دەرچو لە دڵ بە یەکجار

سەرخۆش و مەست بو یەکجاری سەکران
لێ بو بە بێستان ئەو دێری موغان

لە لایە شەراب لە لایە غیلمان
لە لایە مەستی یاری نەوجوان

هەرچی کە لای بو رەمزی مەعانی
شوشتی بە شەراب پیری سەنعانی

ئەمجا رووی کردە لای یارمەستی
ویستی لە گەردن ئاڵێنێ دەستی

ئەوسا یاری شۆخ دەهاتە گوفتار
ووتێ ئەی شێخم گوێ بکرە هوشیار

ناگەی بە چاوم گەر بە قسەم نەکەی
ئەمەی پێت دەڵێم نەکەر وانەکەی

له پێش پتی من ئه‌بێ سوجده به‌ی
یه‌کجاری حاشا تۆ له که‌عبه که‌ی

قورئان به‌ ئاگر خۆت بسوتێنی
ڕه‌گی ئیسلامی له‌ دڵ ده‌ربێنی

زنار ببه‌ستی وێنه‌ی ته‌رسایان
ئه‌مجاره‌ ده‌گه‌ی به‌ شه‌و چرایان

هه‌رکه‌س عاشق بێ ئه‌گه‌ر به‌ ڕاستی
ئه‌بێ لا نه‌دا له‌ یاری مه‌ستی

شێخ جه‌وابی دا ئه‌ی شۆخی نازدار
خاوه‌ن شه‌ره‌ف بوم مه‌نبه‌عی ئه‌نوار

ته‌یری ناو باخی باتنی من بووم
چرای ئیسلامو ئایینی من بووم

چوار سه‌د موریدم هه‌بوو مونه‌وه‌ر
ساحیب که‌رامه‌ت به‌رزو موعته‌به‌ر

هه‌موم فری دا بۆ عه‌شقی چاوت
هه‌مووم فیدا کرد بۆ زوڵفی خاوت

هەرچی کەفەرمووت کرد بە یەکجار
سوجدەم برد بۆ پت هەم بەستم زنار

تاکەی لە وەسڵت گیانە بێبەش بم
تاکەی لە عەشقت وەك ئاگر گەش بم

هیچ کەس وەکو من دینو ئیمانی
گیانە نەفرۆشتووە بە عەشقو جوانی

زیکرو تاعەتی مودەی پەنجا ساڵ
هەمووت لێ کڕیم بە دوو چاوی کاڵ

هەمووم بەفیدای چاوی مەست کرد
هەمووم تالاتی پەنجەی دەست کرد

ئێستاش حازرم بۆ ئەمری کارت
هەرچی ئەمر ئەکەی بەخزمەت کارت

ئەمجا ڕاهیبان لە دێری موغان
خڕ ئەبونەوە لە شێخی سەنعان

زناریان هێنا شێخ لەپشتی بەست
شێخ بوو بەکافر کافری سەربەست

دێری موغان بوو بەسوجدە گا
لە دینی ئیسلام یەکجاری لابدا

جا یاری ئەرمەن دەهاتە گوفتار
ووتی گوێت لێبێ پیری بریندار

چەند زێرم دەوێ هەم دڕو گەوهەر
بەزێرو وەسڵمان قەت نایەتە بەر

جا دەیفەرموو شێخ تۆ وات نەفەرموو
ئەم وەعدەی دات پیم بۆ درۆ دەرچو

من حیاتی خۆم لەڕێی تۆ دانا
زێڕ لە کوێ بێنم یاری چاو جوانا

زێرو گەوهەری دونیاو قیامەت
لەڕێ تۆم دانا شۆخی بەقیمەت

لەبەر عەشقی تۆ ئەی عیسا پەرست
یارو موریدان لە من بوونە سست

ئێستاش تۆ بیکە بۆ خاتر مەسیح
بەچاوی کاڵت روخساری مەلیح

بەلێوی ئاڵو بەچاوی جوان
جاری لە وەسڵت بمکە بەمیوان

جا یاری جوانی سکی پێ ئەسووت
ئەهاتە گوفتار بە ناز پێ ئەووت

مادام تۆ نیێتە لەزێرو گەوهەر
ئیشێکت پێ بڵێم بیکە بەهونەر

خۆت بکە بەشوان بۆ مێگەلە بەراز
ئەوسا لەگەڵ من ئەبێ بەهاوراز

وەڵامی داوە پیری سەنعان
لەلام ئاسانە بەرازەوانی

دەستی دایە دار ئەو شێخی والا
بوو بە شوان بەراز لە چۆڵو سەحرا

بەڵێ دڵداری شتی وا ئەکا
هۆشی هۆشداران لەسەر دەر ئەکا

دینی دینداران سەرەو ژێر ئەکا
چاوی ڕوناکی عەشق کوێر ئەکا

# باسی ڕۆیشتنی موریدان بۆ لای شێخ

وختێ کەزانی زومرەی موریدان
شێخیان وەرگەڕا لە دینو ئیمان

بۆ بەیتو لحەرام گەرانە دوواوە
لەدەوری بەیتا دەست بە دۆعاوە

لە بارەگای حەق دەپارێنەوە
بەڵکو لوتفێ کا شێخ چاك بێتەوە

یەکی لە موریدان مەردوو وەفادار
چوو بۆ خزمەت شێخ دانیشت بەوقار

بە گریەو شیوەن فرمێسکی ڕژان
ووتی بە شێخی ئەی پیری سەنعان

ئێمە هەموومان کە غوڵامی تۆین
ئێستاش هەر لە ژێر فەرمانی ئەتۆین

بەگیان و بە ماڵ قوربانی ئەتۆین
هەموو خەمباری سوتانی ئەتۆین

ئەگەر ئەفەرمووی ئێمەش هەموومان
وەکو تۆ ئەچین بۆ دێری موغان

لە پێش پێی تۆ گشت ریز ئەبەستین
هەموو وەکو تۆ زنار ئەبەستین

ئەبێ بەشوانی مێگەلێ بەراز
لە بەر دڵی تۆ ئەی گردن فەراز

ئەگەر دەش فەرمووی ئەی عالی مەقام
ئەگەرێنەوە بۆ بەیت ولحەرام

وەڵامی فەرمووی ئەو پیری نازدار
ووتی مەمنونم یاری وەفادار

ئێوە برۆنەوە بۆ بەیتولحەرام
خەریکی دین بن زۆر بەئیهتمام

تاکو بزانم من چیم بەسەردێ
دەردی دژوارم چی لێ بەدەردێ

ڕەبی ئەی خودا هیچ کەس وەکو من
بەدەردی عەشق نەبێ سەرەوبن

مورید ڕۆیشتن هەموو دڵ بەخەم
هەریەك لە کونجێ لەدەوری حەرەم

زیکرو ئەورادیان بۆ شێخ دوعا بوو
داییم گریانو هەروا وەیلا بوو

ئەحواڵی شێخیان نەووت بەهیچ کەس
بەدڵ دەسووتان هەر وەکو قەقنەس

یەکێ لە موریدان زاتی مونەوەر
لە خزمەتی شێخ نەهاتبوە سەفەر

ئەوسا موریدان بۆیان بەیان کرد
ئەحواڵی شێخیان کە بۆ عەیان کرد

وەختێ کەزانی ئەو ماجەرایان
ووتی بە موریدان ئەی بێ وەفایان

بۆچی نەتان بەست زنار وەکو ئەو
نوری ئیمانتان بۆ نەکرد بەشەو

بۆچی وێنەی ئەو بۆ مێگەل بەراز
نەبوون بەگاوان نەبوون بە هامراز

هەموو هاتنە جەواب بە یەک زبانە
وتیان ئەی برا مەعلووم بزانە

ئەوەی تۆ ئەلێت هەمووم عەرز کرد
سویندمان بە قورئان قبوڵی نەکرد

ئەوساکە فەرمووی ئەو مەردی چاکزان
سبەی بەیانی ئەبێ هەموومان

بڕۆینە لای شێخ لە بۆ ڕۆمستان
بۆ خزمەتی شێخ ئەو پیری سەنعان

ئێمەش هەر وەک شێخ زنار ببەستین
لەپێش پتی ئەو بەریز بوەستین

بەزیکرو دۆعا فرقەی موریدان
ئەمجا کەوتنە ڕێ لەبۆ ڕۆمستان

چل ڕۆژ بە ڕۆژو بێ خوردو بێ خواب
هەر پاڕانەوە لە خودای وەهاب

هەریەك بە جۆرێ دەپارانەوە
بۆ چاك بونی شێخ دەلاوایەوە

ڕەبی بۆ خاتر بەیتو لحرراعت
ڕەوزەی محەمەد ڕوکنو مەقامت

بەشێخی سەنعان مەرحەمەت بکەی
عەشقی موجازی لە دڵ دەربکەی

خولاسەی کەلام هەر بەم حاڵە
هەتاکو چل ڕۆژ بەم عیبادەتە

هەریەك بە جۆرێ دەپارایەوە
هەریەك بە نەوعی ئەلارایەوە

لەدووای چل ڕۆژ ڕۆژێکی وابوو
گەورەی موریدان لە خەلوەتا بوو

خەریکی دینو زیکرو تەقوا بو
دیتی لەناکاو نوری پەیدا بو

وەك ڕۆژی ڕخشان لە بورج هاتە دەر
دونیای دەرەوشاند ئەم سەرو ئەو سەر

دیتی جوانی وەك مانگی تابان
گەردن وەك بلور پەرچەم وەك ڕەیحان

گیسوی ماری ڕەش قەدی شەنگە بی
شێوەی ڕەفتاری جنسی عارە بی

لە لێوی ئاڵی عەتر ئاباری
کولمەی مونەوەر گوڵی بەهاری

لە بۆ لای مورید بەزەردە خەندە
ئەهات وەکو ڕوح ئەو شیرین قەدە

بەزوبانی عارەب ئەم جوانەی لاوِ چاك
سەلامی ئەکرد لە موریدی دل پاك

فەرمووی مزگێنی ئەی خاوەن تەمیز
دۆعات قبوڵ بو لای خوای عەزیز

ووتی فیدات بم ئەی خاوەن کەماڵ
پێم بڵێ تۆ کێت ئەی ساحیب جەماڵ

فەرمووی بمناسە ئەحمەد مستەفا
پەژێراوی عالەم خاوەنی سەفا

بۆ رزگاری شێخ عەرزم کرد دۆعا
دڵی نەشکاندم خودای بێ هاوتا

مەعلووم بزانە گەر بەحری ئیحسان
هاتە مەوج لەلای خودای مەنان

کفری هەمووکەس گەر عەفو بکا
لە خوایەتی ئەو هیچ نوقسان ناکا

مورید کە بیستی دەیدا لە هاوار
ووتی فیدات بم ئەی ساحیب وقار

ئەتو سەرداری فیرقەی ئەنبیای
ئەحمەدو محەمەد یاسینو تاهای

لە رۆژی مەحشەر شەفاعەت خوازین
هەر بە لوتفی تۆ گەردەن فەرازین

ئەوساکە وون بو نوری بەدرەخشان
دەیدا لە هاوار موریدی پڕ ئیمان

زومـرەی مـوریـدان لە گـریـەو هـاوار
ئـاگـادار ئـەبـوون هـاتـن بـەیـەکجـار

ئـەمـەی بیـستبـوی لە زار مـسـتـەفـا
بـە فیـرقـەی مـورێـد مـزگێـنـی ئـەدا

# باسی ڕۆیشتنی موریدان بۆ لای شێخ

ئەوسا ڕۆیشتن جەمعی موریدان
بۆ لای شێخ ئەچون بەزیکرو قورئان

وەختی کەدیتیان ئەو پیری سەنعانی
لە ناو بیابان حالی پەریشان

وەختی چاوی کەوت ئەویشی موریدان
دەیدا بەسەر خۆیِ ئەیِ ماڵم ویران

ووتی بە خێر بین زومرەی برایان
روناکی چاوم شوعلەی چرایان

دۆعام بۆ بکەن زۆر پەشیانم
خودا ڕەحم کاتن هەر بە ئیمانم

لەعنەت لە زنار لە ناقوس حاشا
یەك تۆبە دەشوات هەزار بار خەتا

ئەمجار موریدان بە گریانەوە
بە حەمدو سەناو بەناڵانەوە

دەستیان ماچ ئەکرد یەك یەك هەموومان
هێنایانەوە لەناو بیابان

غەسلی تۆبەی کرد شێخی بەهیمەت
خودا دایەوە نورو کەرامەت

بۆ بەیتولحەرام جا گەرانەوە
بە خۆشیو شادی بە ئیمانەوە

وەختێ گەرایەوە شێخ لە بۆ حەرەم
لە ڕۆم بەجێما یاری خونجە دەم

دەردی دلداری لێ بو خەبەردار
شەوێ خەوتبو نەشمیلەی نازدار

دیتی لەخەودا گوڵ روخساری
لە بورجی عاسمان رۆژ هاتە خواری

لە لای ئەو ئەکەوت ئەو رۆژی رەخشان
رۆژ هاتە گوفتار بە شیرین زوبان

پێی ووت ئەی شۆخی ئەرمەنی میللەت
هەتاکەی دەڕۆی لەڕێ زیللەت

لە نوری ئیسلام تاکەی بێ چاوی
لە عەشقی شێخت بۆچی وا خاوی

خۆ شێخی سەنعان لە بەیتولحەرام
چاوی لە ڕێتە هەردەم سوبحو شام

ئەی یاری نازدار بگرە تەریقەت
لە سورەت لادە بگرە حەقیقەت

برۆ بۆلای شێخ شێخی سەنعانی
بچۆرە خانەی نورو مەعانی

کە بە چە تەرسا لەخەو ڕاپەری
ئاگری دڵداری دای لە جگەری

دەیدا لە ناڵەو گریانو زاری
فرمێسکی چاو ڕێژنەی بەهاری

کەوتە کۆمەڵی خەیاڵو ئەفکار
دڵی پیرۆزی لێی بوو بریندار

ڕێگا ی گرتە بەر ئەو یاری ئەرمەن
بۆ شاری (مەکە) بەجێی هێشت وەتەن

نازو نازداری هەمووی بەلادا
خۆشی ژیانی بە بای فەنادا

ئەپارایەوە لە خوا بە گریان
ئەی خوای بێ شەریکو بێ جێگەو مەکان

من لە خەتا بووم عوزرم ببورە
چونکە شێوەی ئیسمت غەفوورە

لەپت پرستنی من پەشیمانم
پیری سەنعانە نوری ئیمانم

ئەکەوتە ڕێگا جا بای سەبا
مژدەی هاتنی بۆ لای شێخ هێنا

بە عیسی باتن پیری سەنعانی
هاتنی دولبەری بە دڵ زانی

له لای ئـەو ئەکـەوت ئەو رۆژی رەخشـان
رۆژ هـاتـە گـوفتـار بـە شیـرین زوبـان

پێی ووت ئـەی شۆخی ئـەرمـەنی میللەت
هـەتـاکـەی دەڕۆی لەڕێ زیـللەت

له نـوری ئیسـلام تـاکـەی بێ چـاوی
له عـەشقی شێـخت بـۆچـی وا خـاوی

خـۆ شێخی سـەنعـان له بـەیتولحـەرام
چـاوی له ڕێتـە هـەردەم سـوبـح و شـام

ئـەی یـاری نـازدار بـگـره تـەریـقـەت
له سـورەت لاده بـگـره حـەقـیـقـەت

بـڕۆ بـۆلای شێـخ شێـخی سـەنعـانی
بـچـۆره خـانـەی نـورو مـەعـانـی

کـە بـە چـە تـەرسـا لەخـەو ڕاپـەری
ئـاگـری دڵداری دای لە جـگـەری

دەیـدا له نـاڵەو گـریـانو زاری
فـرمێـسکـی چـاو رێـژنـەی بـەهـاری

کەوتە کۆمەڵی خەیاڵو ئەفکار
دڵی پیرۆزی لێی بوو بریندار

رێگا ی گرتە بەر ئەو یاری ئەرمەن
بۆ شاری (مەکە) بەجێی هێشت وەتەن

نازو نازداری هەمووی بەلادا
خۆشی ژیانی بە بای فەنادا

ئەپارایەوە لە خوا بە گریان
ئەی خوای بێ شەریكو بێ جێگەو مەکان

من لە خەتا بووم عوزرم ببورە
چونکە شێوەیی ئیسمت غەفوورە

لەپت پرستنی من پەشیمانم
پیری سەنعانە نوری ئیمانم

ئەکەوتە رێگا جا بای سەبا
مژدەی هاتنی بۆ لای شێخ هێنا

بە عیسی باتن پیری سەنعانی
هاتنی دولبەری بە دڵ زانی

له بەیتولحەرام لەناو موریدان
شێخی سەنعانی دەیدا لەگریان

جەمعی موریدان وتیان دیارە
فیکری مەعشوقت کردووە دووبارە

یاشێخ هەتاکەی عەشقی دونیایی
تاکەی لادەدەی لە ڕێی خودایی

فەرمووی برایان هەڵسن بەیەکجار
بڕۆینە ئیستقبال ئەو یاری نازدار

شۆخی ئەرمەنی وا لە ڕێگایە
مەعلوم عەودالی عەشقی خودایە

وەختێ کە هاتن پیرو موریدان
دیتیان ئەم شۆخی وا دێت بە گریان

سەر رووت و شێواو پەرچەم پەریشان
بە ئاهو ناڵە وا دێت بە غاردان

کە شۆخی ئەرمەن چاوی بە شێخ کەوت
سەرسام بێ هۆش کش و مات ئەکەوت

یاری دیدە مەست بەهۆش هاتەوە
رووی کردە لای شێخ بەگریانەوە

ووتی فیدات بم ئەی یاری دڵگیر
تەیری بێ باڵم خستومە تە زنجیر

ئێستاش پێم بڵێ ڕێگای ئیمان
ئیمان شیرینە دەرمانی دڵان

پیری سەنعانی بەچاوی گریان
تەڵقین ئەکرد ئیسلام و ئیمان

لە ناو موریدان بوو بە غەڵ غەلە
زیکری یا مەنهو هەراو هەڵ هەڵە

ئیمانی هێنا ئەو یاری نازدار
دڵی بۆ دەریای ئەنوارو ئەسرار

لە عەشقی خودا لە زەوقی ئیمان
نەعرەتەی لێدا ئەو یاری چاو جوان

روحی رەوان کرد بو باخی جنان
بوو بە کۆتری ناو باخی رەزوان

ئەوسا هەناسەی پیری سەنعان
روی کردە عاسمان بە دڵ سوتانی

ووتی ئەی خودا لە دووای یارم
منیش نەمێنم زۆر بریندارم

ئەویش هەر لەوێ گیانی تەسلیم کرد
لەبەر عەشقی ئەو روحی تەقدیم کرد

گۆریان هەڵکەند هەردوو لەتەك یەك
گەرچی بەدەن دوو بەڵام بەروح یەك

بونە زیارەتگاە بۆ خاسو بۆ عام
ئیتر تەمام بوو ئەمجار وەسەلام

منیش سەلامم عەبدی کوناهبار
لەقەب هەیدەری داماوو هەژار

هەژاری هۆزم چونکی چیماوە
لەژیانی خۆشی بەشم براوە

سوپاس بۆ خودا لە دووای هەموو کار
سەڵاواتو سەلام لەفەخری موختار

یەعنی محەمەد (د. خ) سەرداری عالەم
بۆ ئەنبیان سەروەرو خاتەم

O O O

بە یارمەتی خودای مەزن حیکایەتی شێخی سەنعانی تەواو بوو

سەرپەرشتی چاپ
محمد عبدالرحمن زەنگنە